به ناوی کوردستانی گەورە .
ح س. سۆران .
soransa@hotmail.com

## دەستکەوتگەلی سەدەیەک خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان :

گشتمان ئاگادارین، کە لە مێژە گەلی تێکۆشەری کوردی رۆژهەڵات، بە بێ ئۆقرە ، پشو و وەنەوز ، بۆ بەدەست هێنانی مافە رەواکانی تێ دەکۆشی ، لەم رێبازەدا بچووکترین هەلی قۆزوەتەوە و بە دڵ و بە گیان و بەردەوام ، خەباتی کردوە .

جا بۆ ئەوەی بزانین ، کە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانی گەورە ، وەک بەروبووم { مەحسوول} ی ئەم خەباتە ، چی دەست کەوتوە ، بە چەشنی سەرپۆرت – وەک وێنەگەلێکی سەرەکی – دەروانینە کورتە مێژوویەکی بزووتنەوەی سەد ساڵی رابوردوی ئەم ناوچەیە ، بۆ بەدەست هێنانی مافی کورد :

لە سەد ساڵی رابووردو دا ، کوردی رۆژهەڵات ، کاتی لاوازبوونی دەستەڵاتی ناوەندی ئێران ، ئەم راپەرینە بەرچاو و سەرەکیانەی ئەنجام داوە و لەوان دا ، بۆ سەندنی مافە رەواکانی خۆی تێ کۆشاوە :

1– هەستانەوە و خەباتی کاتی جەنگی جیهانی هەوەڵ ، کە لەو دەمەدا دەوڵاتی رووس و عوسمانی بەشێکی فرە زۆر لە رۆژهەڵاتێ کوردستانیان ، لە ئێران داگیر کردبو . بەرێوەبەری ئەم خەباتە ، سەرۆک سمایلاغا { سمکۆ } بوە . باوەکو سەرۆک سمکۆ خۆی خەڵکی ناوچەی شکاک ، لە رۆژاوای ورمێ بو ، بەڵام نێرک { هەستە } ی بزووتنەوەکەی هێناوەتە شاری مەهابادی ئێستا . سەرۆک سمکۆ ویستویەتی کورداستانێکی سەربەخۆ پێک بهێنی ، تەنانەت لەشکری تایبەت بە خۆی بوە و بەینێک ناوچەی موکریان ، شکاک ، هەوشار و رۆژاوای ورمێی بەدەستەوە بوە ، رۆژنامەی کوردی دەرکردوە و بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و زمانی کوردی کاری کردوە . بەڵام وەک زوربەی هەستانەوەکانی دیکەی کورد ، لە پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی هەوەڵ ، بە بەهێزبوونەوەی دەوڵەتی ناوەندی ئێران و هاتنە سەر کاری بنەماڵەی پەهلەوی ، بە فێڵ و تەڵەوکە و دانی وادەی

درۆ و دەلەسە ، رەزاشا دەستووری داوە لە شاری شنۆ ، زۆر بە نامەردانە سمکۆیان تیرۆر کردوە و بەم چەشنە ئەم هەستانەوەیان سەرکوت کردوە .

2- کاتی جەنگی جیهانی دووهەم ، کە دەولەتگەلی ئامریکا ، یەکیەتی سۆڤیەت و ئینگلیس ئیرانیان داگیر کرد و دەوڵەتی ناوەندی تاران لاواز و بێ هێز بو ، کۆماری کوردستان ، بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهابەد بۆ پاراستنی دۆزی کورد پێک هات ، کە ئەویش لە دوای تەواو بوونی جەنگ ، هاتنە سەرکاری حەمە رەزا شا و بەهێز بوونەوەی دەستە لاتی ناوەندی تارن ، پێشەوا و هاوکارە کانیان لە سێ دارە داو و کۆماری مەهابادیان تێک دا .

3- لە پاش رووخانی حکوومەتی حەمە رەزا شا و هەستانەوی ساڵی 1979 ی خەڵکی ئێران ، کە دەوڵەتی ناوەندی لە تاران کز بووەوە ، دیسانەوە زۆربەی خەڵکی رۆژهەلات راپەرین و داوای مافی خۆیان کرد ، کە ئەم خەباتەش کاتی بەهێز بوونەوەی دەوڵەتی ناوەندی تاران ، لە ناوخۆ دا شل بووەوە ، بارستایی تەوەرەی خەباتەکە ، کەوتە ئەو پەڕی سنوورەکان و شەهیدان دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندیش تیرۆر کران .

جا ئێستا لە پاش تێپەڕبوونی سەد ساڵ خەباتی خوێناوی و شێلگیر ، با بزانین دەستکەوتە کانی ئەم بزووتنەوە گەلە چی بوون :

بە بۆچوونی من ، بێجگە لە هێندێک ئازادی بەرتەسکی فەرهەنگی، وەک خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی بە چەشنی کاڵ و کرچ و سەرپۆرت ، هیچی دیمان بەدەست نەهێناوە . ئەگەریش تاقل و تۆقل ، بەرپرسانی ناوچەگەلی کوردەواری بە رەگەز کوردن ، ئەمە شتێکی تازە نیە و هەر لە زەمانی زووەوە ئەم بارودۆخە بوە . بۆ وێنە ، لە کاتی حکوومەتی قاجاریش دا ، سەردارە کانی بۆکان فەرمانڕەوای موکریان بوون ، لە زەمانی بنە ماڵەی پەهلەویش دا ، تەنانەت ئوستانداری کوردستان کورد بوە - بە ناوی رەئوفی - کەچی ئێستا ئوستانداری پارێزگەی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی دیکە کورد نین . لە سەد ساڵی رابوردوودا ، هەر لە زووەوە ، زۆربەی نوێنەرانی مەجلیسیش کورد بوون ، چ زەمانی رەزا شا و چ زەمانی حەمەرەزا شا و ئەوەی کە ئێستا نوێنەرانی مەجلیس کۆردن ، بە دەستکەوتی تازەی خەبات دانانرێ .

**قسه هەزارە و یەکێکی بەکارە :**

**ئەگەر بە هۆی ئەم راڤەیە و تەواوی راستەقیەنەکانی دیکەوە ، بەم بۆچوونە بگەین ، کە لە پێناو وەدەست هێنانی مافە کانمان دا لە رۆژهەڵات ، دەستکەوتەکانمان زۆر لاواز و کز بوون ، دەبێ لەم رێبازەدا، تێ روانینەوەمان ببێ و وا باشە ، بە کەڵک وەرگرتن لەو ئاگاداریە مەزنە گشتیانەی کە لەم سەد ساڵە دا وەدەست هاتوون ، بزانین لە چی دا کەم و کووڕیمان بوە و لەمەو دوا چ بکەین چاکە ؟؟؟ .**

**گەلۆ ! مێژو ئاوێنەی ژیانی رابوردوە و دەبێ لە هەر خەسارێک ، پەندێک وەربگرین . چەرخی رەورەوەی خەباتیش نەوێستاوە .**

تاران – 12ی رەزبەری 2705